زنجیرە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری 17



## مەنسور حیکمەت

# سەبارەت بەئازادی بەیانی بیروڕا

دوبارە لەچاپدانەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان / ئۆکتۆبەری 2008

**مەنسور حیکمەت**

# سەبارەت بە ئازادی بەیانی بیروڕا

**گفتوگۆی ڕادیۆ (شرارەها)ی ستۆکهۆڵم لەگەڵ مەنسور حکمەت**

**وەرگێڕانی:** حەمەغەفور

**مۆنتاژ :** نوری بەشیر

**سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

www.hkkurdistan.org

**ئیمەیڵی حزب**

hkkurdistan@yahoo.com

# سەبارەت بە ئازادی بەیانی بیروڕا

## گفتوگۆی ڕادیۆ (شرارەها)ی ستۆکهۆڵم لەگەڵ مەنسور حیکمەت

**جمشید اطیابی:** ئەم کاتەتان باش ئاغای حکمەت. ئەگەر دەکرێ بفەرموون سەرەتا ڕوونکردنەوەو تێگەیشتنی خۆتان سەبارەت بە ئازادیو مافی ئازادی بەیانی بیروڕا وە دوای ئەوە پەیوەندیی لەگەڵ ئازادیو دیموکراسیدا باسبکەن، بەگشتی لە بنەڕەتدا تێگەیشتنی ئێوە دەربارەی ئازادیو دیموکراسی چۆنە؟

**مەنسور حیکمەت:** ئەم شتەی کە ئەیڵێیت مەفهومێکی ئێجگار شمولیی ئەگرێتەبەر. من باش دەزانم مەبەستی سەرەکی ئەم باسە کامەیە وە چ شتێک بۆتەهۆی ئەوەی کە بگاتە ئەو ئاستە کە ڕادیۆی ئێوەش بەرنامەی لەبارەوە پەخشبکات. بریا هێلکەیەکی دیکەشیان بهاویشتایە بەڵکو باسی سۆشیالیزمیش مەترەحبووایە. بەڵام پێموایە ئەو هێڵە گشتیانەی کە بتوانێ باسی ئازادی بەیان تەرحکات، ئەمانەیە؛ یەکەم، ئازادی بەیانو دەربڕینی بیروڕا تەنها بە مانای ووتنو قسەکردن نایەت. لە شوێنێک لە نووسینێکدا- کە وابزانم لەلایەن ئاغای (عسکر اهنین لە کانوونی نووسەران بوو- نووسیبوویان کە ڕشتەی نووسەرو هونەرمەند زۆر زیاتر لە- میکانیکییەک یا لە کرێکارێکی سادە- پێویستی بە ئازادی دەربڕین هەیە، لەبەرئەوەی کارەکەی نووسینو ووتنە بۆیە سەبارەت بە ئازادی بەیان حەساسترە. ئەم وێنایە لە ئازادی دەربڕین، کە گوایا ئازادی بەیانی بیروڕا واتای ئازادی ووتن، ئازادی پەخشان، ئازادی نووسین

ئەدابەدەستەوە، وێنایەکی هەڵەیە. ئازادی بەیانو دەربڕین وەکو یەکێک لە مافە مەدەنییەکانی ئینسان، ئازادی دەرکەوتنی بوونە (زات)؛ ئازادی ووتنو قسەکردن بۆ خەڵکی، نووسین، سازکردنی فیلم، نارەزایەتی نواندن، شیعارووتنو هوتافکێشان وە بەهەر شێوازێک نمایشکردنی بیروڕای زاتو ئەحساسی تاک سەبارەت بە هەر مەسەلەیەک وە گەیاندنی بە گوێی کۆڕوکۆمەڵەکان، بە ڕای گشتیو بە کۆمەڵگاکەی. هەر تاکێک مافی ئەوەی هەیە کە بە ئاگاداری کۆمەڵگای بگەیەنێ کە چۆن بیرئەکاتەوەو چ هەستێکی هەیە. هەموو کەسێک مافی خۆیەتی کە سەرنجی کۆمەڵگا بۆ لای دیدگاو بیروباوەڕی خۆی، بۆ لای ئەحساسی خۆیو ڕەخنەی خۆی ڕابکێشێ، بەڕای من ئەمەش نابێ هیچ سنوورێک بناسێ؛ واتە بەگوێرەی بۆچوونی سوننەتی کۆنی کۆمۆنیستیی.

بیست ساڵ بەر لە ئێستا کاتێک ئێمە بەرنامەی (اتحاد مبارزان کمونیست- یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست)مان دەنووسی، گەڕاینەوە بۆ بەرنامەی بەلشەفیزم. لەوێشدا فۆرمۆڵەی "ئازادی بێ قەیدو شەرتی بەیان" هەبوو؛ "ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی" و لەوانەش "ئازادی بێ قەیدو شەرتی دەربڕین". بە ڕای ئێمە بە تەواوی عاقڵانە هات، چونکە ڕێگەدان بە هەر جۆرە کۆتو بەندێک بۆ ئازادی دەربڕین بە مانای دەستواڵاکردنی کەسانێک کە ئەتوانن ئەم کۆتو بەندانە لە کۆمەڵدا هەمواربکەن. مرۆڤێکی ئاسایی ناتوانێ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی یا دەزگایەکی سیاسی سانسۆر یا کۆنترۆڵ بکات؛ لە هەر سیستەمێکدا هەمیشە سەرەوە (دەسەڵات)یە کە خوارەوە (هاووڵاتیان) سانسۆرئەکات. بەمپێیە دانانی هەر جۆرە قەیدو بەندێک- وەکو ئازادی دەربڕین بۆ خەڵک، یا ئازادی دەربڕین بۆ لایەنگرانی نیشتمان، یاخود ئازادی بەیان بۆ ئینسانە شۆڕشگێڕەکان وە یا ئازادی بیرورا بۆ ئەفکاری بنیاتنەر- دیاردەیەک پێناسەئەکات وەکو قازیو داوەری ئەم فاکتەرانە کە ئەویش دەوڵەتە؛ دەوڵەت یا هەر مەقامێکی تر لە کۆمەڵگادا. هەڵبەتە لە ووڵاتی ئێمەدا کە هەموو کەس دەوڵەتە، جۆرێکە لە دەزگای ئیسلامو ئاخوندەکان.

ئازادی بیروراو ئازادی ئەندێشە دەبێ بێ کۆتو بەند بێ؛ ئێمە ئەمەمان لە هەمان بیست ساڵ پێشتر لە بەرنامەی (یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست)دا نووسیو دەسبەجێ سەدای نارەزایەتی





بانگەوازو داوام بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەرنامەی ئێوە دەبیستن ئەمەیە کە- زۆر سادە- بێن لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا وە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا یەکبگرن. من واتێئەگەم دەتوانین ئاڵوگۆڕی موهم لەو ووڵاتەدا بهێنینەئاراوە. زۆر سوپاسی موحیببەتیشتان ئەکەم.

**جمشید اطیابی:** بەخۆشحاڵییەوە. ئێمە ئێجگار سوپاسگوزارین کە کاتت پێداین وە پەسەندتکرد کە دیمانەت لەگەڵمان ببێ. سەرفرازو سەرکەوتووبیت.

* انکیزیسیون Inquisition: ناوی دەزگای مەحاکمی کڵێسای کاسۆلیکییە کە لەسەدەی 15 و 16ی زایینیدا موهیممەی سەرکوتو تیرۆری ئازادییەکان بووە. وە زاناکانو توێژەرەکانی تاوانباردەکرد بە کوفرو بێخودایی (الحاد)، هەر کەسێکیش ئیدانەی مەحکەمەی بکردایە یا دەکوژرا یا دەسووتێنرا.

مونسیفانەنییە، دووهەم، بابەتی ئەم تاوانە دیارنییە، ئەسڵی ئەم تاوانە، یاخود کەسێک کە ئەم تاوانەی ئەنجامداوە چ جۆرە کەسێک بووە. هەر کەسێ کە لەناو جمهوری ئیسلامیدا داواو شکاتنامەی لەسەر هەیە، دەبێ خۆیو پەروەندەکەی سەیربکرێو ببرێتە داگا. لەوانەیە سێ ساڵ حەبسی بدەنێ یا هەر هیچ زیندان نەکرێ، ئیحتیمالە غەرامەبکرێ، یا لەوانەیە ناچار بە هەزار کاری تر بکرێت، وەلێ نابێ گوناهو تاوان بە کۆمەڵ یا بەشێوەی دەستەجەمعی پێناسەبکرێ. نابێ قەرارو برِیارەکان بەگوێرەی بیروباوەڕ لێکهەڵپێکرێن وە نابێ بڵێین کەسانێک کە باوەڕیان بە دیاردەیەک هەیە لەم یاخود لەو مافی مەدەنی بێبەشن. بەبڕوای من ئەمە ڕێپێدراونییە.

**جمشید اطیابی:** ئاغای حکمەت، لە کۆتاییدا ئەگەر قسەیەک یاخود پەیامێکت هەیە بۆ هاووڵاتیانی ئێمە، بۆ گوێگرانی عەزیزی ئەم ڕادیۆیە، ئەتوانیت بفەرمووی وە ئەگەر نا با ئێمە سوپاسی ئێوە بکەین.

**مەنسور حیکمەت:** ڕاستییەکەی جێگای خۆیەتی وەکو کەسێکی حیزبیی وەفادار بۆ حیزبەکەی خۆی، هەموو گوێگرانی ئێوە بانگەوازکەم کە ڕۆژنامەکانی ئێمە بخوێننەوە. پێموایە هەر کەس کە بەویژدان بێ ڕابردووی پێکهاتەی شەخسیی خۆی لە بیست ساڵی ڕابردوودا قورسایی نەخاتە سەر شانی، هەر کەسێ کە بەڕاستی ئەو مەتڵەبو ووتارانەی کە لەناو ڕۆژنامەکاندا هەن بە یەکتر بەراوردبکا، هەر کەس کە ئامانجی سیاسی ئاراستەو ڕەوتەکان لە مەحەک ئەدات، وەکو یەک ئینسانی ئازادیخوازو سۆشیالیست ئەتوانێ بەم ئاکامە بگات کە کاتی ئەوە هاتووە بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە پەیوەستبێ. لەناو بزووتنەوەی ئێمەدا مۆد نییە کە ئینسان بێتەدەرەوەو بانگەوازبکا جەماعەت بێنە ناو حیزبی ئێمەوە. بەڵام ئێمە دەبێ ئەم کارە بکەین. چونکە دەرفەتی زۆر نەماوە. جمهوری ئیسلامی لەناو قەیرانێکی قووڵدایە. دەبێ کار لەگەڵ ئەو ڕژیمە یەکلابکرێتەوە. بەبڕوای من ئەم جارەیان پێویستە، سۆشیالیستەکان، کۆمۆنیستە کرێکارییەکان، چینی کرێکار سەربەخۆ بێنەمەیدان. لەژێر پەرچەمی خۆیاندا دەرکەون وە ئیتر ڕێگانەدەن ئەم جەماعەتەی کە لەم یەکسەد ساڵەدا، مێژووی ئەم وڵاتەی بەم تەرەفو ئەو باردا بەکێشکردووەو ئیستیبداد دوای ئیستیبدادیان لە گیرفان دەرهێناوە، مەیداندار بن. من





زۆرێک لە شۆڕشگێڕانی ئەو وڵاتە بەرزبۆوە کە ئەیانووت دەبێ ئازادی بۆ خەڵک بێو سەرکوتیش بۆ دژی خەڵکی، یا ئازادی بۆ کرێکارانو زەحمەتکێشانو سەرکوتیش بۆ چەوسێنەران؛ ووتیان ئەم "ئازادی بێ کۆتو مەرجە سیاسییە" لیبراڵییەو ئەمانە (فەرهەنگی ڕۆشتووەکان- لێرەدا مەبەست کۆمۆنیزمە-و)یان لە بەرنامەیاندا نووسیوە، کە ئەمەش ترۆتسکیستبوونی ئەمانە ئەخاتەڕوو، یاخود بۆ نموونە ئەمە نیشانەی ناشۆڕشگێڕبوونی (یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست)ە. من لە یادمە کە ئەو کاتە بەنیازبوون ڕۆژنامەی (میزان)، ڕۆژنامەی ئەندازیار بازرگان دابخەن. شایعەیان داخست کە ئەمانە ڕۆشتوون بە فۆرمۆلبەندییەک بۆ بەرگری لە بڵاوکراوەی میزان دەرکەون وە ئەم فۆرمۆلبەندی ئازادی بێ قەیدو مەرجەی بەیان ئەچێتەخزمەتی ئەم کارەیانەوە.

ئەمڕۆ تا ئەو سەردەمە زۆری بەسەردا تێپەڕیوەو ئێستا پێموایە ئیتر هەموو کەس، چەمکی ئازادی بێقەیدو شەرت لانیکەم سەرزارەکیش بێ ئەڵێتەوە. سەرەنجام شتێک کە بەڕای من دەبێ ببێتە جێگای سەنج ئەوەیە کە ئەمە مەقولەیەکە کە تەنها پەیوەست نییە بە سیاسەتەوە، بە تەنها نەبەسراوە بە شۆڕشو خەباتی شۆڕشگێڕانەوە، بەندنییە بە ئازادی ئەحزابی سیاسیو بە ئازادی چۆندەڵێی دەربڕینی بیروڕاوە سەبارەت بە کۆمەڵگا. ئازادی هەر جۆرە خۆدەرخستنێکی تاکەکەسە کە تێڕووانینی خۆی دەربارەی ئەم جیهانە بخاتەڕوو. یەکێک لەو باسانە کە بۆ نموونە لە ئەمریکاو برێک وڵاتانی دیکە کە سەبارەت بە ئازادی بەیان مەترەحە، مەسەلەی ئازادی دەربڕینو چەمکی پاکداوێنیو نەجابەتە. باسی پۆرنۆگرافی (ادب و فن اباحي)؛ بۆ نموونە ئایا خەڵک مافی ئەوەیان هەیە کە وێنەو فیلمی ڕەفتاری سێکسی خۆیان بگرنو نیشانی خەڵکی تری بدەن یان نا؟ وە یاخود ئایا هێشتا لە ئەمریکا خەڵکی نارازی مافی ئەوەیان هەیە پەرچەمی ئەمریکا بسووتێنن یا دەبێ ئەو کارە قەدەغەبکرێ؟ تا ئەم ساتەش نیشتمانپەرستانو باڵی ڕاست لە ئەمریکا نەیانتوانیوە تابوبوونی سووتاندنی ئاڵای ئەمریکا (لەناو یاسادا) بگونجێنن. ئەسڵی ئازادی بەیانو دەربڕین دەڵێ کە ناتوانیت ئەم کارە بکەیت. خەڵکی نارازی ئەمریکا مافی خۆیانە بە سووتاندنی پەرچەمی ئەمریکا قسەو بیروڕای خۆیان ڕابگەیەنن. ئەمەوێ بڵێم کە ئازادی بەیان بەتەواوی تەنها بەسراوە نییە بە سیاسەتەوە، بە

حیزبی سیاسیو شۆڕشگێرو بە کۆمەڵگای ئیستیبدادییەوە، بەڵکو هەر جۆرە کۆنترۆڵێک لەلایەن کۆمەڵگاوە بۆ سەر ئەمەی کە یەک کەس بتوانێ قسەی خۆی بە هەر شێوازێک کە خۆی پێیباشە بەگوێی خەڵکی بگەیەنێت. ئەمە باسی ئازادی بەیانو دەربڕینەو دەبێ تەواوی قەڵەمڕەوەکان بگرێتەبەر. یەک شت کە لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا هەیەو ئەمەوێ سەرنجی گوێگرانی ڕادیۆکەتانی بۆ ڕاکێشم ئەمەیە کە ئێمە لەوێدا ووتوومانە ئازادی ڕەخنەگرتن وە هیچ فاکتۆرو هیچ موقەدەساتێک کە بەنیازبێ ئازادی ڕەخنەگرتن سنووردارbکات قبوڵناکەین. بۆ نموونە، کاتێک کە ڕەخنە لەگەڵ عەواتفی جەمعیی گروپێکی تایبەت بەریەکبکەون. بە بڕوای ئێمە دەبێ، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ عەواتفی جەمعیی گروپێکی تایبەتی، قەومی یا جەماوەری بەریەکیش بکەون دیسان ڕەخنەگرتن هەر ڕێپێدراوە. یاخود کاتێک لەگەڵ عەقیدەی ئایینی کەسێکدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە. بە بڕوای ئێمە موقەدەساتی دینی، میللی، نیشتمانیو یا ئەو فاکتۆرانەی لە چەشنی ئابووری نەتەوەیی یا ئاسایشی وڵات هیچکامیان ناتوانێ ببێتەهۆی ئەوەی کە ڕێگا بۆ دەوڵەت بکاتەوە تا بەربگرێت بە خۆدەرخستنی تاکو دەربڕینی هاووڵاتیان.

ئەمە تەواوی باسی چەمکی ئازادی بەیانو ڕادەربڕینە بەواتای ماف؛ دەرەنجام ئێستا شتێک کە لە پەیوەند بە مەسەلەی ووتارخوێندنەوەوە یا حوزووری پیاوانی ڕژێم لە دەرەوەی وڵات هاتۆتەئاراوە، باسێکی هێناوەتەبەرەوە کە ئەویش ئەمەیە، ئایا ناڕەزایەتی لەدژی یەک ووتارخوێندنەوە، بۆ نموونە پیکتکردنی ووتارێک یاخود ڕێگرتن لە خوێنەوەی ووتارێک، ئەمە پێشێلکردنی ئازادی ڕادەربڕینی ووتاربێژە یان نا؟ ئەمە ئەوە دەخوازێ کە ئینسان بۆ ئەو باسانەی کە تائێستا کردوویەتی تەنها یەک ڕوونکردنەوە زیادبکات وە ئەویش ئەمەیە کە ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی خوارەوەیە. پارێزراوبوونی قسەو بەیانو دەربڕینی خوارەوەیە لە بەرامبەر سەرەوەدا. لە ڕووی حقوقییەوە پێناسەی ئازادی بەیانی بیروڕا ئەمەیە. بەم واتایە کە ئەگەر تۆ قسەبکەیتو مەسەلەن من دەنگەدەنگ بکەمو قسەی ئێوە بە گوێگر نەگات، من ڕێم لە ئازادی بەیانی بیروڕای ئێوە نەگرتووە بەڵکو بە پێچەوانەوە، من خەریکم ئازادی بەیانی خۆم بەکردەوە دەردێنم. من بە هاوارو دەنگەدەنگ کردن، بە شاورلێدانو غەڵبەغەڵب ڕێگائەگرم لەوەی ئێوە





ئێمەدا بۆمبگوزاریبکەن. لەنێوان ئەم دووانەدا جیاوازی هەیە. لەنێوان ئەمەی کە موسڵمانێکی فەندەمێنتالیزمی کۆنەپەرست ئیجازەی هەبێ قسەی خۆی بکاتو ڕۆژنامەی خۆی ببێ، لەگەڵ ئەمەی یەک ڕێکخراوی ئیسلامی کۆنەپەرست هەبێ کە ئیجازەی پێبێ بۆمب بتەقێنێتەوە فەرق هەیە؛ وە تەواوی ئاڵۆزیی کاری یەک دەوڵەتی ئازادیخوازو یەک دەوڵەتی ئازاد ئەمەیە کە دەبێ ئەم سنوورە ڕابگرێت. ئەگەر ئێوە دەسبکەن بە داخستنی دەمی خەڵکی، ئیتر کۆمەڵ ئازاد نییە. بەڵام ئەگەر ئێوە میکانیزمگەلێک بهێننەئاراوە کە کۆمەڵ بتوانێ لەبەرامبەر بزووتنەوە کۆنەپەرستەکاندا، حەرەکاتی دژەئینسانیدا بەرگری لەخۆیبکات، ئەوکاتەیە کە یەک ڕژێمی سیاسی ئازاد دێتەئاراوە. بەم واتایە دەڵێم کە ئەگەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چەپەکان، ئیحتیماله ئەگەر [ژمارەیەک] ووتیان ئێمە هێشتا بڕوامان وایە کە خومەینی لەسەر هەق بوو، من ئەگەر لە ئیدارەی ئەوێدا کارێکم بەدەس بوو دەڵێم: بابە، ڕێگابدەن با قسەی خۆی بکات. ئەگەر بینیمان خەریکە ڕێکخراو دائەمەزرێنێ، بە هەموو خەڵک ئەڵێین ئەدرەسی ڕێکخراوەکەی لە کوێیە. دەبێ نووسینگەیان هەبێ، خیتابو ووتاریان دەبێ ئاشکرابێ. ڕێگانادین پیلانگێڕی بکەن. ئەگەر بخوازن گرفت یا ڕێگریی بۆ حقوقی کەسێک پێکبێنن، ئەگەر بەنیازبن کاری نایاسایی ئەنجامبدەن، دەسبەجێ بەرامبەر ئەو کارە نایاساییەیان دەوەستینەوە. دەربارەی کەسانێکیش کە لەم سیستەمانەدا بەشداربوون، بەبڕوای من ئادەمیزاد یا بێتاوانە یاخود گوناهبارە. ئەگەر تاوانبارە- لەبارەی ئاییندەی ئێرانەوە بە فەرزوەردەگرین، کە ئێران یەک کۆمەڵگای [ئازادە کە] یاسایەکی عادلانەی تێدایە- ئەو سزایەی کە بۆ ئەو تاوانە یا ئەو گوناهە مناسبە دەدرێ بە ئەنجامدەری تاوانەکەو جگەلەوە ئیتر ئازارنادرێ. ئەگەر کەسێک بەڕەڵاکرا کە لەسەر شەقام بڕوات، بچێتە زانکۆ دەرس بخوێنێ یا وانە بڵێتەوە، ئەتوانێ سواری پاس ببێ، ئەتوانێ لە کەنارو لەپاڵ باقی خەڵکیدا زیندەگی بکاتو تەواوی مافەکانی خۆشی هەبێ. سەرەنجام سەبارەت بە سزادانو زەوتکردنی حقوقی کەسانێک کە لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا کاریانکردووە، بەڕای من تاوانو گوناه دەبێ بە شێوەی فەردی پێناسەبکرێ وە سزاش پێویستە هەر فەردی پێناسەبکرێ. گوناهباربوونی بە کۆمەڵو سزادانی جەمعی بەلای منەوە ئێجگار خەتەرناکەو نابێ ئەم کارە ئەنجامبدرێت. بۆ نموونە نابێ بووترێ هەموو ئەوانەی کە لەناو جمهوری ئیسلامیدا لە ئیداراتدا کاریاندەکرد، فلان مافی مەدەنی لەدەسئەدەن. چونکە یەکەم

بگەیەنێو بخوازێ قسەکانی بخاتەڕوو. من لە دووتوێی ئەم شتەدا ئیرادێک نابینم. تۆ وادابنێ لایەنگری ڕژێمی ئیسلامی بخەلاوە خودی ئیسلام بەلای منەوە بە هەمان ڕادەی ئیسلامی سیاسی کوشندەیە، خودی مەسیحییەتو ئایین بە هەمان ئەندازە شۆکهێنەرو کوشندەیە کە انکیزیسیۆن*Inquisitionی ئیسپانیاو قەتڵوعامی سەدەکانی ناوەڕاستیان، نەفسی ئەمەی کە بۆ نموونە قارەمانانی وولاتان قارەمانانی جەنگیشیانە کە لە ڤێتنام کوشتارئەکەنو پاشان ئەگەڕێنەوە مەدالیا وەرئەگرن بە ئەندازەی کافی جەرگبڕە، ڕووداوی زۆر هەن کە ئەگەر تۆ دانیشیتو بخوازی بیانژمێری کە کامیان لەگەڵ من دەکەوێتە ناکۆکییەوەو من تەحەمولی کامەیان ناکەم، ئەتوانی یەک لیستی بڵندبالا لەو شتانەی کە ئەکەونە خانەی دژی تۆوە، ناشیرینن، ناهەموارنو لە فەرهەنگی ئازادیدا کوفرن، ڕیزبکەیت؛ بەڕاستی ئەتوانی لیستیانکەی. کەسێ کە بەرگری لە کاری منالان ئەکات، کەسێ کە خەریکە تەبلیغ بۆ ئەوە دەکات کە خەڵک دەبێ خۆیان پارەی داوودەرمانیان بدەنو خەریکە دوو جۆر پزیشکیی ڕێکئەخات، یەکێک بۆ هەژارانو یەکێکیش بۆ دەوڵەمەندان، بۆ نموونە کە کەسێک دێتو خەڵک مەحکومئەکا کە لە هەلومەرجی بیئەیەکی تایبەتیدا زیندەگیبکەن بەبێئەوەی ئاگایان لەوەبێ کە خەریکن تاقیکردنەوەی کیمیایی یاخود تاقیکردنەوەی ڕادیۆئەکتیڤیان لەسەر ئەنجامئەدەن؛ هەموو ئەم کارانەیان لە کۆمەڵگادا ئەنجامداوە. ئەمانە هەر هەموویان شۆکهێنەرو دڵتەزێنن. وەلێ ئازادی بەیانو مەقولەی ئازدی دەربڕینی بیروڕا یانی ئەمەی کە کۆمەڵگا تەحەمولی هەبێ ناهەموارترین، غەریبترین، عەجیبترینو دژترین ئەفکارو بیروڕا ئیمکانی دەرکەوتنی هەبێو بهێڵن خەڵک بیانبیستن. چونکە ئەگەر بەنیازبیت ئەمە بسڕیتەوە، ئەو کاتە دەبێ یەک قازیو یەک دادوەر پێناسەکەیت کە بڵێ کام بیروڕا بەڵێ باهەبێو کامیان نەخێر بانەبێ؛ ئەمەش ئیتر سەرەتای سەرهەڵدانی سانسۆرو داخرانو ئیختیناقە. ئازادی بەیان یانی هەر کەسێک هەقی هەیە قسەی خۆی بکات، چونکە لە پێشدا نازانین حەقیقەت کامەیە؛ لانیکەم وافەرزئەکەین کە لە پێشدا نازانین حەقیقەت کامەیە. لانیکەم دەبێ ڕێگابدەین هەموو کەس قسەی خۆی بکات. لەنێوان ئەمەدا جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەمەی کە سیستەمێک ئیجازەبدا بۆ نموونە فاشیستە هیتلەرییەکان دووبارە خۆیان ڕێکخەنەوەو پەلاماربەرنەسەر گەڕەکی قەومەکانی ترو کوشتاریانکەن، یا مەسەلەن ئیسلامییەکان سەرلەنوێ خۆیان ڕێکخراوکەنەوەو لەناو قوتابخانە سەرەتاییەکانی





بتوانن قسەکانتان بکەن. ئێوە ئازادن قسەی خۆتان بکەن، هێچ کەس ئەو مافەی ئێوەی زەوتنەکردووە. بەڵام من بە قسەکردنی خۆم یا بە سازکردنی هەر جۆرە ئاکسیۆنێک وەکو خۆپیشاندانو پیکت، ئەبمە کۆسپ لەبەردەم گەیشتنی قسەکانتان بەو جەماوەرەی کە مەبەستتانە. ئەمە هیچ ڕەخنەو ئیرادێکی تیانییە. ئەتوانم نموونە بهێنمەوە؛ لەبیرمە چەندین ساڵ پێشتر فاشیستەکان خۆپیشاندانیان هەبوو، ئەگەر هەڵەنەبم لە ستۆکهۆڵم بوو، خەباتکارانی دژی فاشیزمی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم بەو پیرییەی خۆیانەوە هاتن بە چەترو عاساکانیان ڕاویاننان. هەمووما بەم کارە خۆشحاڵبووین؛ کەسیش نەیووت کاکە لێگەڕێن با فاشیستەکان قسەکانیان بکەن. فاشیستەکان دەبێ قسەی خۆیان بکەن، خەریکبوون قسەیان دەکرد، ئازادی بەیانی خۆشیان لە دەوڵەتی سوید وەرگرتبوو، دابینیانکردبوو مێزو کورسیان دانابوو وە پۆلیس پارێزگاری لێدەکردن بۆ ئەوەی ئەمانە بتوانن میتینگەکەیان بەرپابکەن. تەرەفی بەرامبەر کە لەگەڵ ئەم فاشیزمە جەنگاوەو ماهییەتیان دەناسێ، هاتووە سوود لە ئازادی بەیانو دەربڕینی خۆی وەردەگرێ، هاتووە هاوربکا، ڕیسواگەری بکا، هاتوهاواربکاتو نەهێڵێ میتینگی ئەمانە بەوجۆرەی خۆیان دەیانەوێ بچێتەپێشەوە. یا هەر بۆ نموونە ئەگەر فاشیستەکان بیانەوێ لەناو گتۆی جولەکەکاندا لە جێیەک یاخود لە گتۆی موسڵمانەکانی جێگایەک پیشانگایەک دابنێنو (خارجی ستیزی دژایەتیکردنی خۆیان بۆ بێگانە) نیشانبدەن، ئاشکرایە کە خەڵک کۆئەبنەوەو هووهایان لێدەکێشن، هاوارو دەنگەدەنگ بەرپائەکەنو ناهێڵن ئەمانە قسەکانیان بکەن. ئەمە پێشێلکردنی ئازادی بەیانی ئەو فاشیستە نییە، بەڵکو ئەمە دەرکەوتنی ئازادی بەیانو ڕادەربڕینی قوربانیانی فاشیزمە کە لەوێدا هەستاوەو بۆتە ڕێگر لەبەردەم دووبارەبوونەوەی ئەو قسانەدا. ئازادی بەیانی بیروڕا مەقولەیەکە لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتو ئەو کەسانەی کە لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا دەژین، لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتو هاووڵاتیاندا، لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارانو ئەو خەڵکەی لەژێر سایەی ئەواندا ژیان بەسەردەبەن؛ نەک پەیوەندییەکی ئاسۆیی نێوان دوو هاووڵاتی. ئەمەیان بەهیچجۆرێک لەگەڵ مەقولەی ئازادی بەیاندا یەکناگرێتەوە. ئەمە پەیوەستە بە جوامێریی، ئەدەب، دڵفراوانیی، تۆڵیرانسو ئەم شتانەوە، بەڵام بەندنابێتەوە بە چەمکی ئازادی بەیانو پێناسەی حقوقیی ئازادی بەیانی بیروڕاوە کە خەڵکی یەک عومر لەپێناویدا خەباتیانکردووە.

هاتوهاوارکردنی دراوسێیەک بۆ بێدەنگکردنی هاوسێکەی تەنیشتی، پەیوەندییەکی نییە بە مەقولەی ئازادی بەیانەوە.

**جمشید اطیابی:** ئاغای حکمەت ئێوە لە قسەکانتاندا ووتتان کە هەمیشە لە سەرەوە یانی لەلایەن دەوڵەتەوەیە کە سانسۆر ئەنجامئەدرێو هەقی ئازادی بەیان لە هاووڵاتیان زەوتئەکات. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم مافی ئازادی بیروڕایە لە کۆمەڵگایەکدا نەخرێتەژێرپێوە، دوو دیدگا لە ئارادایە؛ یەکێکیان ئەولەوییەتی ئازادی ئەدا بەسەر دیموکراسیداو دەڵێ لە ڕێگەی دابینبوونی ئازادی تەواوکەماڵەوەیە کە ئەشێ بە دیموکراسی واقعی واتە تەوزیعی عادلانەی داهات بگەیت لە کۆمەڵدا، تێڕووانینێکی تر کە دەڵێ بۆ ئەوەی کە ئینسان بتوانێ ئازادی بەیانی کامل تەئمینبکاتو بە کردەوە جێبەجێیبکات، پێویستە کە دیموکراسی بەمانای واقعیی خۆی- یانی دابەشکردنی عادلانەی سەروەتو هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتیو خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی- لە کۆمەڵگادا بەرقەراربێ. ئێوە لەمبارەوە چۆن بیردەکەنەوە؟ پێتوایە کە دیموکراسی لەبەرترە تا ئازادی یاخود ئازادی لەپێشترە لەچاو دیموکراسیدا؟

**مەنسور حیکمەت:** ڕاستییەکەی ئەم پێناسەیەی کە تۆ بۆ دیموکراسی کردت لە فەرهەنگی زمانەوانی منەدا ناوی سۆشیالیزمە. یەکسانی ئابووریو هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی لە فەرهەنگی زمانەوانی منەدا ناوی سۆشیالیزمە. بەڵام من لە مەبەستتان دەگەم. کەوایە ڕێگەبدەن من بە فۆرمۆڵەی سۆشیالیزم وەڵامی بدەمەوەو لەم زمانە کەڵکوەرگرم. ئایا ئازادی بەیانی بیروڕا شتێکە کە قەرارە دوای سۆشیالیزم تەحقیقببێ یاخود شتێکە کە خۆی ئامرازی تەحقیقبوونی سۆشیالیزمە؟ با بلێین یەک کۆمەڵگای ئازاد. ئایا ئازادی بەیان پێشمەرجی کۆمەڵگایەکی ئازادە یا بەرهەمی ئەوە؟ من ئەگەر وادانێم پرسیارەکەی ئێوە بەمشێوەیە تێگەیشتم، لە چەند ڕستەیەکدا ئەتوانم وەڵامەکەی بڵێم. بەڕای من ئازادی بەیانی بیروڕا یەک هەقی فەوری، بێئەملاولاو هەمیشەیی هەر ئینسانێکە کە دێتەدنیاوە؛ چبڕیاربێ کۆمەڵگا بەرەو سۆشیالیزم بڕوا، چنەڕوا، چهەر شتێک سبەینێ چاوەڕوانمانبێ، ئازادی بەیانو دەبڕین لە خودی خۆیدا موهیممە، لەزاتی خۆیدا مافێکی سروشتیو هەقێکی زاتیی هەر ئینسانێکەو پێویستە لە هەر سیستەمێکدا دابینبکرێ. بەمجۆرە نییە کە کەسێک بە من بڵێ: دۆستی عەزیز تەماشاکە، ئێمە





بناسرێ یان نا؟ مەبەستم هەڵگرانی تەفەکوراتی جمهوری ئیسلامییە نەک مۆرە دەوڵەتییەکان کە تائێستاش لەناو سەرچاوەی کاردان.

**مەنسور حیکمەت:** ئیجازەبدەن سەرەتا ئەو پێشەکییە ڕاستکەمەوە کە بۆ پرسیارەکە ووتت. من نەمووت دەبێ دەوڵەت با بێت دەخالەتکاو دەزگاکانی ڕاگەیاندنو میدیا بکرێنە دەوڵەتی. دواتر ئەگەر پێویست بوو ئەتوانین سەبارەت بەوە قسەبکەین...

**جمشید اطیابی:** نەخێر، بەهەحاڵ سەبارەت بە کۆنترۆڵی مەرکەزی [میدیاو ڕاگەیاندن]...

...بەڵێ هەر ئەوە، من بڕوام بەمە نییە. تەنانەت واتێدەگەم کۆمەڵگای ئەمڕۆژی خەریکە شێوازی دیکە دەرئەهاوێتەدەرەوە؛ بۆ نموونە ئینتەرنێتو تۆڕەکانی ڕادیۆییو تەلەفزیۆنیی دەزگای دەنگیو (ویژواڵی) دەنگوڕەنگ کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە. بەمپێیە سبەینێ هەریەک لە ئێمە ئەتوانێ لەسەر تۆڕی ئینترنێت ڕادیۆو تەلەفزیۆنمان هەبێ وە بەم مانایە ئەمە خەریکە ئینحیساری زۆرێکیان دەشکێنێ. بەڵام ئێستا نامەوێ بگەڕێمەوە سەر ئەوە. من تێگەیشتنێکی وام نییە کە دەبێ یەک دەوڵەتی سەعادەتئامێز(خیر)و یەک دەوڵەتی ژێر بهێنرێتەئاراوە کە دەزانێ ئەتوانێ هەموو شتێک کۆنترۆڵ یا سەهمییەبەندی بکاو بۆ هەر یەکێکمان 20بیست دەقیقە شەبەکە(ئانتێن) فەراهەمو تەوزیعکات. با جارێ ئەمە لەولا بوەستێ.

سەبارەت بە باسی پیاوانی جمهوری ئیسلامی یاخود بەگشتی لایەنگرانی جمهوری ئیسلامی: لە سبەینێی شۆڕشدا، بەدوای بەدەسەڵاتگەشتنی چەپدا، حقوقی ئەمانە لەڕووی ئازادی بەیانەوە چۆنئەبێ؟ پێموایە ئەمە پرسیارەکەی تۆ بوو. بە ڕای من پێویستە لەنێوان ئازادی دەربڕینو ڕەخنەو ووتنی قسەی خۆدا لەگەڵ ڕێکخراوبوونو کارکردن وەکو یەک حەرەکەی سیاسی دیاریکراو جیاوازی دابنێین. من لەسەر ئەو بڕوایەم کە مەحەکی ئازادی بەیانی بیروڕا ئەمەیە کە کۆمەڵگا تەحەمولی هەبێ ناهەموارترین ئەفکار ببیستێ. هەڵگری ناهەموارترینو قورسترین بیروڕا ئەبێ بتوانێ بڵێ من ئەم بیرکردنەوەم هەیەو بخوازێ قسەی خۆی بەگوێی خەڵکی

لەپێناوی ئەمەی کە بە ئاراستەی سۆشیالیزمدا برۆین دەبێ لێرەدا بۆ نموونە دەمی کەسانێک داخەین‌و من بڵێم کە ئەها، مادامێکە ئەمانەوێ بەرەو سۆشیالیزم برۆین کەواتە قەیدی نییە با دەمی ژمارەیەک دابخەین. ئەمە بەشێکە لە حقوقی خەڵک. رێگام بدەن بە شێوەی کاتی من ئاوا پێناسەی‌بکەم: {ئازادی بەیانی بیرورا} مافێکە کە بە سرفی وجودی ناسنامەی تەرەف وە نەفسی بوونیی (مەبەست بوونی فیزیکییە لێرەدا-و) کەسەکە، ئەو هەقە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. برپارنییە ئینسان مەعامەلە بۆ ئیعتیبارنامە بە کەس پێشکەشکات بۆ ئەوەی ئەم مافە وەربگرێ. هەر مرۆڤێک وەختێ لەدایکئەبێ‌و پێ‌ئەخاتە سەر رووی زەوی مافی خۆیەتی لەگەڵ ئەم جیهانەی کە پێی‌تێ‌ناوە ئازادانە کاروکاردانەوەی هەبێ. هیچ کەسێکی دیکە هەقی نییە وە بۆی نییە کە بێت‌و رێ‌بگرێ بە پەیوەندی ئازادانەی ئەم ئینسانە لەگەڵ موحیتی ژیان‌و دەوروبەری‌دا. بەمپێ‌یە ئازادی بیرورا یەک مافی دەسبەجێ‌یە؛ لە هەر شوێنێک بێت. چ‌سۆشیالیزمێک بەرێوەبێ، چ‌بەڵێنی کۆمەڵگایەکی ئازاد درابێ‌و چ‌نەدرابێ، مافێکە کە پێویستە هەر هەمان ئان‌و سات وەربگیرێ‌و بشدرێ. بەبروای من ناکرێ‌و ناتوانرێ بە شێوازو رەوشتی غەیرەئازاد هیچ کۆمەڵگایەکی ئازاد بهێنرێتەئاراوە. من وای بۆ ئەچم ناتوانرێ هیچ سۆشیالیزمێک بهێنرێتەئاراوە لە رێگای سنووردارکردنی ئازادی ئینسانەکانەوە لە کۆمەڵگای ئیستادا کە ئاراستەکەی بەناو رێگای جۆرێک لە نەبوونی ئازادی‌و جۆرێک لە داخران (انقیاد)دا تێ‌پەرێ. ئەگەریش لە مێژوودا شتی وا رووی‌دابێ ئەوە سۆشیالیزم نەبووە... (پچرانی دەنگ) یا سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە یەک وولاتدا هەیە، ئەمانە بەناوی سۆشیالیزمەوە کاریان‌کردووە. وەکو حاڵی حازر چۆن هەر کەس قووتئەبێتەوە دەڵێ من لایەنگری دیموکراسیم. ئێستا لە ناو رژێمەکانی دنیادا زۆر هەن لایەنگری دیموکراسین‌و خەریکە هەزارو یەک تەجروبە لە دیموکراسی دێتەئاراوە. بێگومان کەسێک کە دیموکراتە- لە گیومە- ئەتوانێ پێتان‌بڵێ کە ئەمانە دیموکرات نین‌و ئەمەش دیموکراسی نییە. سەبارەت بە سۆشیالیزمیش هەر هەمان شکڵە. خەباتی سۆشیالیستی لە هەر ساتێکی‌دا، یەک خەباتی ئازادیخوازانەو ئازادئەندێشانەیە. خەباتێک نییە کە بڵێم دەورانێکی سەختی هەیە، دەورەیەک دەبێ خۆشمان‌و ئەوانی تریش سانسۆرکەین، مەحدودییەت بکێشین‌و ئەسارەت‌و داخران تەحەمولکەین، ئیتر ئازادئەبین‌و ئینجا انشاءالله لەو کۆمەڵگا ئازادەدا رۆژێک دێین‌و ئازادی بەیانی بیرورای خەڵکی دەگێرینەوە بۆیان. ئازادی بەیان‌و





رێکخراوەکانی سەرکوت بۆ کۆنترۆڵی بیروباوەرو سانسۆری بیرورا لەئارادایە. جیاوازی ئەم دووانە هەر ئەمەندەیە. من قسەی تۆ بەم مانایە بە تەواوی تێ‌ئەگەم. بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بە هەق هەر جۆرە ئازادی‌یەک بە شێوەی ئیدیاڵ‌و ئاسایی وە زامن‌بووی بەدەس‌بێنێ وە تەنانەت لە سوودبینین لە ئازادایییەکانیشیان‌دا یەکسان‌بن، دەبێ بنەمای ئابووری کۆمەڵ لەسەر بنچینەی یەکسان دامەزرابێت. هیچ گومانێک لەمەدا نییە. بەڵام من وا تێگەیشتم باسێک کە ئێستا هەمانە، (زیاتر) سەبارەت بە هەقی ئازادی بەیانە تا پراتیکبوونی ئازادی بەیان. چونکە ئەگەر بەراستی بمانەوێ بەم ئاستە بگەین کە کۆمەڵگایەکی ئازادمان هەبێ کە لەرووی بونیادو پێکهاتە ئابووری‌یەکەیەوە ئازاد بووبێ وە بەشێکی کۆمەڵ بۆ بەشەکەی دیکەی بێگاری‌نەکات، پێشتر دەبێ قسەوباسی زۆر زیاترمان کردبێ لەم رژێمە داخراوەدا بەبێ بوونی هەر ئەم میدیاو راگەیاندنانە. پێویستە لە دژی ئەم رژێمەی ئێستا راپەرین وە ئەمەش یەک واقعییەتە کە میدیاکان‌و دەزگاکانی ئەفکارسازی لەدەستی چینی دەسەڵاتدارادایەو شۆرشێک کە دەبێ لە بەرامبەر ئەم سیستەمەدا بەرپابکرێ، دەبێ لە خاڵی هەڵسانی زۆر پایین‌ترەوە دەسپێ‌بکات، وەلێ سەرەتا پێویستە هەر لەم سیستەمەدا ئازادی بەیان‌و ئازادی بیرورا بەدەسبهێنرێ. بەجۆرێک کە بتوانی لەرێی رۆژنامە بچووکەکان‌و رادیۆ بچووکەکانەوە قسەکانی خۆت بکەیت. ئەمە خۆی یەک جیاوازی ماددی‌یە. بەس تەنها بەمەی کە بۆ نموونە لێرە میدیاو کەناڵەکانی راگەیاندن لە دەستی چینی دەسەڵاتداردا کۆبۆتەوە، ئازادی بەیانی بیرورا لێرە بە هەمان رادەی وولاتێکی وەکو ئێران‌و عەرەبستانی سعودی لەبەردەم تەهدیدکردن‌دا نییە.

**جمشید اطیابی:** ئاغای حکمەت، ئێوە لەو قسانەدا کە فەرمووتان ئەوەتان تەرح‌کرد کە لە رژێمێکی عادلانەدا وە لە سیستەمێکی سۆشیالیستی‌دا، لەپێناوی ئەوەی کە هەموو کەس بتوانێ بەشێوەی تەواوکەماڵ لە مافی ئازادی بەیان بەهرەمەندبێ پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن‌و چاپەمەنی‌یەکان بکەونە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی‌یەوە. ئایا دوای سەرنگومبوونی رژێم ئەگەر هاتوو- بەهەرحاڵ ئەمانە کۆمەڵێک ئەگەرن کە ئێمە لەسەر بنەمای ئەوانەوە باسەکانی خۆمان ئەبەینەپێشەوە- دەسەڵات بکەوێتە دەستی چەپ، بەباوەری ئێوە دەبێ سەرلەنوێ هەقی ئازادی دەربرین‌و ئیمکاناتی بەیانی خۆ (خود)و نەزەراتی خۆ بۆ پیاوانی جمهوری ئیسلامی بەرەسمی

ئازادی دەربڕین دەبێ هەر ئێستا وە لە هەر ڕژێمێکدا تەئمینبکرێ، مێژوو بە هەر ئاراستەیەکدا بیەوێ بڕوات.

**جمشید اطیابی:** ئاغای حکمەت، ئەم مەسەلەی کە ئێستا ئێوە خستتانەڕوو ڕاستە. لە لایەکی ترەوە دەبینین کە تەکنۆلۆژیو سەرمایە هێندە پێشکەوتوون کە هەر لە سەتەلاییتەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەم ڕادیۆ محەللییەی ئێمە، بۆ بەیانی بیروڕای خۆیان بەکاردێنن. بەڵام ئەوانەی کەسەتەلایتیان هەیە ئەتوانن بەرنامەکانیان لە ئاستی ناوچەی جیاجیای جیهان‌دا پەخش‌کەن. ئێمە ئەو ئیمکانەمان نییەو هەرچۆن‌بێ لێرەدا باسی دیموکراسی لە پەیوەند بە مەسەلەی مالییەوە دێتەپێشەوە. واتە لە ڕووی ئابووری‌یەوە ئێمە ئەو توانابییەمان نییەو ئەگەر ئەم ڕادیۆیە بیتوانیایە بۆ ئێران پەخش‌بکرایە، ئەو کاریگەرییەی کە ئەیتوانی دابینێ لەبەرامبەر ئەوەی کە ئێستا تەنها لە یەک شاردا دایئەنێ لەسەداسەد جیاوازی دەکرد.

**مەنسور حیکمەت:** لە قسەکانتان تێئەگەم. بەم مانایە کە تۆ ئەڵێی لەڕووی ماددیەوە، ئازادی بەیانو ئازادییە فەردییەکان بەمشێوەیە ناتوانێ تەحقیقببێ مەگەر ئەمەی کە یەکسانی لە کۆمەڵدا بەرقەراربووبێ کە هیچ ئیمتیازێک لەدەستی کەسدا نەبێو میدیاکان لەدەستی کەسێکدا چەقی‌نەبەستبێو ئەسڵەن سوودبینینی ئینحیساری (مۆنۆپۆڵی) لەئارادانەبێ. من ئەمە دەزانمو بەتەواوی قبوڵمە. بەڵام لەنێوان ئازادی بەیانی بیروڕا وەکو مافێک، وەکو هەقێک کە دەکرێ کەم یا زۆر سوودی لێوەربگیرێ، لەگەڵ ئازادی بەیانو دەربڕین‌دا وەکو یەک واقعییەت کە خەریکە هەرڕۆژە لە زیندەگی ئینسانەکان‌دا پراتیکئەبێ، ئەبێ جیاوازی دابنێین. کاتێ ئەڵێین ئازادی هەقێکە کە هەر لە ئێستاوە دەبێ ئینسان هەیبێ، لەئاستی شکڵی‌دا بەشێوەی مافێک هەر لە ئێستاوە ئەبێ هەتبێ. واتە تۆ دەتوانی بڵێی ڕاستە کە من وەکو (مرداک) Keith Rupert Murdoch میدیاکانم لەژێردەستدانییەو من ڕەئیسی CNN نیم یان ژورنالیستی CNN نیم یاخود سەرۆکی فلان ئەنجوومەنو پەرلەمان نیمو ناتوانم قسەکانم بەگوێی خەڵکی بگەیەنم، بەڵام ئەوە کێیە کە بەشێوەی سلبی ڕێگرە لەبەدەم قسەکردنی ئێمەدا؟ ئەگەر قسەبکەم لەگەڵ هێزی سەرکوتگەر بەرەوڕونابمەوە. یەک جیاوازی کە لەنێوان کۆمەڵگایەکی ئیستیبدادی وەکو ئێران لەگەڵ ئەوروپای ڕۆژاوا یا ئەمریکادا هەیە، هەر ئەمەیە. کە هەڵبەتە





لێرەدا هەم نیسبی‌یە وە هەم بە هەزار کەڵەک دەمی ئینسان دائەخەن. وەلێ وادەرئەکەوێ لە کوللیەتی مەسەلەکەدا جیاوازییەک کە هەیە ئەمەیە کە ئەگەر لێرە قسەیەک بکەیت، دەنگتان بەگوێی کەسێک ناگات، بەلای قارەمانیتان‌دا ڕەتئەبن، بڵندگۆتان بەدەستەوە نییەو کارایی قسەتان کەمە. بەڵام پۆلیسو هێزی سەرکوت نایەت بەخاتری ئەو قسانەی کە کردوونت بتگرێو بتبات. لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێران‌دا، نەک هەر تەنها هیچ میدیایەکتان لە دەستدا نییەو دەنگتان ناگات بەگوێی کەسێک، بەڵکو ئەگەر گوزارشت لەسەر بدرێ کە قسەکانت تەنها بەگوێی دوو نەفەریش گەیشتووە، هەر بەو هۆیەوە کە قسەیەکی لەم چەشنەت کردووە، بەسرفی ئەوەی ئەم قسانەت کردووە ئیتر تۆ تاوانباریتو ئەخرێیتەژێر چاودێرییەوەو سەرکوتدەکرێی. هەبوونی ئازادی بەیانی بیروڕا بەم واتایەیە کە لە ڕووی یاساییەوە تۆ ڕێگەدراو بیت قسەی خۆت بکەیت. وای‌دانێ تۆ لە سوید ئەتەوێ فیلمێ  بەرهەمبێنیتو تیایدا ڕەخنە لە دەزگای مەزهەبو ئایین بگریت، بۆ نموونە بڵێیت مەسیح لە خورافەیەک زیاتر نییە، یاخود مەسیح بوونی ماددیی نەبووە- لێکۆڵینەوە ئەمەی نیشانداوە- یا بەنیاز بیت شانۆگەرییەک دەربهێنیو دوایین وەسوەسەی مەسیح ڕوونکەیتەوە. ئەمە ئیرادێکی تیا نییە. لانی‌کەم لە هێڵی گشتی‌دا بەڕێوەبەری سانسۆر نایەت پێتبڵێ تۆ ناتوانیو بۆت نییە ئەم شانۆییە بەرهەمبێنی، تۆ ناتوانی ئەم قسەیە بکەیت، نالێ ئەمە پێچەوانەی یاسایە یا ئەتگرین زیندانتئەکەین یا ئەشکەنجەتئەدەین. لە ئێران بەم شێوەیە نییە. لە ئێران ئازادی بەیانی بیروڕا مافێکە وەکو یەک هەقی شکڵی؛ وە وەکو شتێک کە ئەگەر چی تۆ ئامرازو پارەت نییە کە لە ئاستی فراوان‌دا پراتیکی‌کەیت، وەلێ تەنانەت لانی‌کەم بەشێوەی گشتی تۆ ناتوانی قسەکانیشت بکەیت. لە ئێران بەیانی بیروڕاو ڕەخنە ممنوعو تابو و سنووردارە. جیاوازی ئەم دوو سیستەمە ئالەم شوێنەدایە. ئەڵبەتە [هەر وەکو ووتم] هەمان سیستەمی (ڕۆژاواش) هەم کاری تۆقێنەر دەکات، ئەم سیستەمە خانەنشین‌ئەکات، لەسەرکار دەرئەکات، هەموو کرێکاران ناتوانن قسەیەک بکەن دەربارەی ئەو شوێنەی کاری تێدائەکەن، لە بەرامبەر خاوەن کارەکەی‌دا ناتوانێ قسەیەک بکات، هەر کارمەندێک ناتوانێ هەرچی بخوازێ سەبارەت بە ئیدارەو سەرۆکی بیڵێ، ئەو ژورنالیستانەی کە لە میدیا جیاجیاکان‌دا کاردەکەن ئەگەر ووتارەکانیان جێگای پەسەندی سەرەوە نەبێ پلەی شوغڵیان سەرناکەوێ، دەرەنجام یەک ڕەوشو شێوازی دیکە جگە لە پۆلیسو سوپاو